# له نمایشێکی شکۆداردا، بەردەم بنکەی دەنگدان له ستۆکهۆلم

## بووه مەیدانی ڕاگەیاندنی " نا بۆ هەڵبژاردن،" نا بۆ حکومەتی عروبی-ئیسلامی"

### "بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان"، "بەڵێ بۆ حکومەتی علمانی و غەیرە قەومی له عیراق"

بەرواری 30-1-2005 ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، بەهاوکاری کۆمیتەی حزب له شاری ستۆکهۆلمی سوید، ئاکسیونێکی نارەزایەتی شکۆداری له نزیك سندوقی دەنگدانی هەڵبژاردنە کاریکاتۆریەکەی عێراق له شارهۆڵمەن سازدا.



ئاکسیۆنەکه به دەیان لافیتەو تراکت که بەزمانەکانی سویدیو کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و نووسرابوون ڕازێنرابۆوه، هاوکات مێزکتابێك دانرابووکه بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی حزبی له پەیوەند به گاڵتەجاری هەڵبژاردنەوه لەخۆگرتبوو، جگه لەوەش چەند تیم خەریکی بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەو بەیاننامانەکان بوون بەسەر خەڵکیدا .

سەرەتای ئاکسیونەکه به بەخێرهاتنی ئامادەبووان دەستی پێکردو پاشان بەهەر چوار زمانەکه سەدان دروشم و تراکت له پەیوەند بەهەڵبژاردنەکانەوه لەلایەن هاورێیانی سەرپەرشتی ئاکسیۆنەکه خوێندرانەوه و دەنگی "نا" بەو هەڵبژاردنه ئەم ناوەی داگرتبوو.

سەدان دروشم و تراکت بەدەنگی بەکۆمەڵی ئامادەبوان دەوترانەوه، دەنگی نا بەو گاڵتەجاریه،له لایەکەوه ئەودەنگه بوو که کارمەندەکانی بەردەم سندوقەکانی هەڵبژاردن و نوێنەرانی ئەحزاب و هێزه قەومی ودینی و تایفیەکانی بەشدار لەوگاڵتەجاریەی هەراسان کردبوو، لەلایەکی تریشەوه له پێشوازی خەڵکی ئازادیخوازی ئەو ناوه بەهرەمەند بوو.



دروشمەکانی" دەنگ مەدەن، بائایندەتان تاریکتر نەبێت"" نا بۆ هەڵبژاردن، بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی"" نا بۆ حکومەتی عروبی-ئیسلامی" نابۆ حکومەتی نۆکەری ئەمریکا" نا بۆ گێرانەوەی کوردستان بۆ ناومەرگەساتەکانی رابردوو" ....وەدەیان تراکتی تر له بڵندگۆی ئازادیخوازی حزبەوه، ئەودەنگه رەسایه بوو، که نیشانیدەدا کۆمەڵگای عیراق بی خاوەن نیه، بیّ نوێنەر نیه، وەتەنها مەیدانی بەرامبەرکیی تیرۆریزمی ئیسلامی تیرۆریزمی نیودەوڵەتی ئەمریکا نیه، تەنها مەیدانی قەومگەراکانی کوردو عەرەب و تورکمان، تەنها مەیدانی نمایشی هیزه دینی یەکان، نیه، بەڵکو مەیدانی بەرەیەکی ئازادیخوازو ئینسانیشه، ساحەی نمایشی ئەو

ئینسانانەیە کە نان و ئەمنیەت و ئازادی و حکومەتیکی سکولاری غەیرە قەومیان دەوێ. وەساحەی هەڵسورانی هەرێستای حزبێکە کەدژی شەپۆلی خنکێنەری سیناریۆی رەش بۆپێشەوە ئەروات، ئەم ئاکسیۆنەش گۆشەیەك لە نمایشی ئەو دەریای شەپۆلە بوو، کەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق سەوڵ بەدەستەکەیەتی، کابتنەکەیەتی بۆ نەخشاندنی ئایندەیەکی ئینسانی و رزگارکردنی خەڵکی عیراق لە وەیشومەی کارەساتەکانی دەستی ئەمریکاو نۆکەرە ووردو درشتەکانی لە قەومچیەکان و ئیسلامییەکانو تایفیچییەکانی ئەودیموکراسیەی ئەمریکا رۆژانە تەپڵکوتیەتی.



ئاکسیۆنەکەی ئەمرۆی ستۆکهۆڵم، هاوکات پەیامی کۆنەپەستانە و پیلانی ئەمریکاو هیزە نۆکەرە هەڵکورماوەکانی، و پەیامی ئینسانی و رزگاری خوازانەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و خەڵکی تورەی عیراقی لە هەلومەرجی ئیستادا بە بەرەی سەر بەدنیای متەمەدینی سوید راگەیاند.

شایانی باسە ژمارەیەك لە هاورێیان و دوستانی حزب لە نەرویج و فنلەند و یۆتۆبۆری سویدو هاوریيانيك لە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری-حیکمەتیست ئامادەو هەڵسوراوی ئەم ئاکسۆنە پر شکۆیە بوون. ئاکسیۆنەکە دوای 3 سەعات لەناو شوروشەوقی ئامادەبواندا سەرکەوتوانە کۆتایی پیهات

***حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق- رێکخراوی دەرەوە***

***2005-1-30***